# له هەڵەبجەی شەهید

# گۆڕێکی تری کارەساتی کیمیاباران دۆزرایەوە

ڕاپۆرت/ عەلی عارف هەورامی -هەڵەبجەی شەهید



ماوەی دەیان ساڵی دەسەڵاتی ڕەشی بەعسی ڕەفتار فاشیزم لە عێراقدا بە زۆرەملێ و خۆسەپاندن بەسەر چارەنووسی گەلانی عێراقدا بە گشتی و بەسەر گەلی کوردا بە تایبەتی، ئەو ڕژێمە دکتاتۆرە هیچ وەخت نکوڵی نەکردووە لە خوێنڕێژی و بە کۆمەڵ کوشتنی کورد و بە چەندین شێوازی وەک گرتن و کوشتن و ڕاگواستن و وێرانکردنی گوند و کانیاوەکان و بە ئەنفال بردنی نزیکەی دووسەد هەزار کورد و کوشتنی پێنج هەزار بێ تاوانی هەڵەبجە بە چەکی کیمیاوی قەدەغەکراو و بێ سەرۆشوێن کردنی هەشت هەزار بارزانی و بێ سەروشوێن کردنیان لە قوڵایی بیابانەکاندا گەواهیدەری ئەو ڕاستییەن کە ڕژێمی فاشیزمی بەعس تا چ ئاستێک دژایەتی کورد و مرۆڤایەتی کردووە. هەروا کارێکی ئاسان نییە ڕەشەکوژی لەو جۆرە هەڵگری سەد چیرۆکی دڵتەزێن و سەیر و سەمەرەی وان بەو پەڕی قێزەونییەوە مێژوو تۆماری کردوون کە نە فاشییەتی ئیتاڵیا و نە نازییەتی ئەڵمانیا ئەو کارەیان نەکردووە و تەنانەت ئەوانیش بە شەرمەوە ئەو مێژوە ڕەشەی بەعس دەخوێننەوە.

دەرکەوتنی دەیان گۆڕی بە کۆمەڵ و دۆزراوە و دەیانی دیکەش کە هێشتا نادیارن مێژووی فاشیزمی عەرەبی ناسیۆنالیزمی عروبەی ڕسواکەر و هەرگیز لە مێشک و هزری نەوەکانی کوردا ناسڕێتەوە هەروەک دەبینین وا جارێکی تر و لە هەڵەبجەی شەهید گۆڕێکی دیکەی شەهیدی کیمیاوی لێ دەرکەوت، بە جلوبەرگ و پۆشاکە کوردییەکەیدا هاواری دەکرد بە شەهیدبوونی کوردی گەیاندە چلەپۆپەی ژیان و فاشییەت و ڕژێمی دکتاتۆری سەدام حوسێنی ڕسوای ناو قەفەزی لە گۆڕنا.

ڕۆژی ٢٠٠٦/٢/٢٢ کاتژمێر «١/٣٠» یەک ونیوی پاش نیوەڕۆ نزیکی دیواری گۆڕستانی شەهیدان و لە کارێزی حاجی ناجی و نزیکی دەرگای سەرەکی گۆڕستانەکە، لە وەختێکدا شۆفلێکی ئەهلی خەریکی تەختکردنی بناغەی خانووی هاووڵاتییەک بوو گۆڕی کەسێکی نەناسراو دۆزرابوویەوە کە بە جلوبەرگەکەیدا پیاوێک بوو بێ ناسنامە پاش چوونە سەر گۆڕەکە و هاتنی پسپۆڕی تایبەت سەر بە وەزارەتی ئاوارە و ئەنفال و مافی مرۆڤ کەوتە پشکنینی چەند ئێسک و پرۆسک و کە لە سەرێکی ناو کڵاوێکی ڕەش و پێچراو بە پەتووکەیەوە، سەرەتا مەزەندە دەکرا ئەمە قوربانییەکی ئەنفالکراو بێت، پاش پشکنینی تەواو بۆ ڕۆژی دوایی دەرکەوت شەهیدی بە چەکی کیمیاوییە، نێردراوی وەزارەتی مافی مرۆڤی ئیدارەی سلێمانی و چەند پسپۆڕێکی پشکنینی چەکی کیمیاوی و بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی ئاوارە و ئەنفال و مافی مرۆڤی هەڵەبجە لەو شوێنە ئامادە بوون، هەر لەم میانەدا چاومان کەوت بە بەڕێز کاک ساسان ئەنوەر عەبدولڕەحمان بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی ئاوارە و ئەنفال و مافی مرۆڤ لە هەڵەبجە و ئەم دیمانەیەمان لەگەڵدا ساز کرد و بەڕێزیان بەمجۆرە بۆ گولان دوا:

یەکێک لەو برینە سەختە سارێژ نەبووانە، ئەو گۆڕە بە کۆمەڵانەن کە بەردەوام دەدۆزرێنەوە ڕۆڵە قارەمانەکانیان گرتووەتە خۆ، بۆ ئە مگۆڕەی ئێستا ئاگادار کراین دەست بەجێ گەیشتینە شوێنەکە، دەرکەوت لە ئەنجامی تەختکردنی جێگا خانوویەک شۆفلێک ئەو کەسە شەهیدەی لە ژێر گڵە کۆمەڵگکراوەکەدا دۆزییەوە کە بە نزیکی ١٥ مەتر لە دیواری گۆڕستانی شەهیدانەوە کرابوو بە ژێر گڵەوە، ئەوەی تا ئێستا دەرکەوتووە تەنیا ئێسک و پروسکی پیاوێکە بە پێی جلوبەرگەکەیدا دەرکەوتووە و کاسەی سەری لەناو کڵاوێکدایە و داواکارم هەرچی زووتر لە لایەن بەرپرسەکان کاری پێویستی لەسەر بکەن شیاوی وتنە ئێمە لە لایەن خۆمانەوە دادگای باڵای تاوانەکانی ڕژێمان ئاگادار کرد و هاتنە شوێنەکە و لەو ڕووەوە کاری پێویستمان ئەنجام دا و سەردانی مەیدانی مەوقیعەکەیان کرد کە لە لایەن وەزارەتی مافی مرۆڤەوە نێردرابوون دواتر لایەنە بەرپرسەکان بە وردی پشکنینیان ئەنجام داوە دەرکەوت تەنیا تەرمێکە و لە ئەنجامی کیمیابارانی هەڵەبجە دا گیانی لە دەست داوە و لەوێدا کراوە بە ژێر خاکەوە.